له نێوان ساڵانی (١٩٣٧-١٩٣٨)دا شاعیر شیعرەکانی خۆی لە ناو هەموو چینەکانی میللەتی کورد بڵاوکردوونەتەوە، بەتایبەتی لە نێو شاگردەکانی (فەقێیەکانی) مزگەوت و قوتابیەکانی قوتابخانە، لەوکاتەی ببوو بە مامۆستا لەقوتابخانەی (ئیندیواریێ). ئەو شیعرانەش بەبەرگێکی نوێ و بە کێشێکی سەربەست دارێژرابوون.

بێگومان هەموو تازەگەرییەک لەهەر شێوەیەکی ژیاندابێ لە سەرەتادا تووشی گلەو گازاندەی زۆر دەبێت، قەدری جانیش وەک یەکێک لەپێشڕەوانی تازەگەری و خاوەن قوتابخانەیەکی تازەی شیعری، تووشی ئەم گلەو تانانە بووە، لەم بارەیەوە، شاعیری ناوداری کورد سەبری بۆتانی (١٩٢٥-١٩٩٨) دەمەقاڵێیەکی نێوان قەدری جان و فەقێیەکمان بۆ دەگێڕێتەوەو دەڵێت: «رۆژێکیان فەقێیەک هاتەلای قەدری جان و پێی گوت: «توخوا قەدری ئەفەندی ئەمە چی بوو؟ چ نووسینێک بوو؟ لەگەڵ شیعرەکانی جگەرخوێن و ئەحمەد نامی بۆ ئێمەت ناردبوو؟..» قەدری جان گوتی: «ئەویش شیعرە، شیعری نوێیە، هی منە، من بەم شێوەیە شیعر دەنووسم، بۆ چییەتی؟ تۆ چۆنی دەبینی فەقێی دەلال؟» فەقێش گوتی ئەی بۆچی ناوی خۆت لەسەر نەنووسیبوو؟ یان تۆش باوەڕت پێ نییە؟ خوا وەکیلی تۆبێ سەیدا یەکێک گوتی: ئەمە شیعری منداڵانە، یەکێکی دیکە دەیگوت ئەمە یەکەم جارە شیعری بێ لێوولووت ببینم، یەکێکی دی گوتی ئەمە پێشێل کردنی شیعرە، هەندێکی دیکە دەیان گووت: مخابن ئەو کاغەزەی کە لەسەری نووسراوە، لە ناویاندا هەبوون دەیانگوت ئەو دەستە

بشكێ كە نووسیویەتی، تەنیا دووكەس گوتیان: «بەراستی بەگوتنێن خو خوەش. بەڵام خۆزگە شیعر بوایە!!». قەدری جان رەحمەتی پێكەنی و وتی: «كورۆ بابۆ سترانێن ئێمەش بەم شێوەیەن ما سترانێن مەچاوانن؟ خۆتان شاش مەكەن...». (٦)

لێرەدا قەدری جان ویستوویەتی هزرو بیرەكانی خۆی بەهۆی شیعرەوە لەنێو چینی رۆشنبیرانی كورد بڵاوبكاتەوە بۆیە، (تومابوا)ش لەسەر ئەم بابەتە دەدوێت و دەڵێت: «قەدری جان لە رێگای بابەتەكانییەوە، رێگای بۆ خوێنەرانی خۆش دەكرد، كە بیری نوێ وەربگرن». (٧)

شاعیر جێگایەكی بەرزوگرنگی لە ناو ئەدەبیاتی كوردیدا، گرتووە، هەروەها دەتوانین بڵێین قەدری جان پێش هەڤاڵەكانی شیعری نوێی نووسیوە، كەلە هەڤپەیڤینێكدا، شاعیری ناوداری كورد مامۆستا گۆران دان بەو راستییە دەنێ، هەروەكو دەڵێت: «كاتێ من و شێخ نووری و رەشید نەجیب ئەم جۆرە شیعرەمان دەنووسی، ئیتر من بەتەنیا بەكۆششی ئەوان نەوەستام و وەزنی هیجائیشم وەرگرت و بەكارم هێناوە، هەر لەو كاتەشا لە سوریا كامەران بەدرخان و قەدری جان لە رووی هەستێكی نەتەوایەتییەوە هەڵبەستی هیجائییان دائەناو لە گۆڤاری (هاوار)دا، بڵاویان

٦- سەبری بۆتانی، جگەرخوێن ل عێراقێ، گ: نووسەری كورد، ژ ٦، ١٩٨٨، ل١٧٢.

٧- تومابوا، مع الاكراد، ت: آواز زنگنه، مطبعة دار الجاحظ، بغداد، ١٩٧٥، ص١٥٥ .

ئەکردەوە». [٨] ئەمەش بەڵگەیەکی ترە بۆ سەلماندنی قسەکانمان کە شاعیر لە مەیدانی تازە کردنەوەی هەڵبەستی کوردی چ لە رووی ناوەڕۆک چ لە رووی فۆرم و تەکنیک و زمانەوە بەیەکێک لە رابەرانی نوێ کردنەوەی شیعری کوردی دادەنرێت. رۆژهەڵاتناسی فەڕەنسی (رۆژێ لیسکۆ)ش دەڵێت: «ئەوەی تایبەتە بەلایەنی نوێ کردنەوەی شیعری کوردی لە رووی شێوازو ناوەڕۆک و زمانەوە، دەتوانین بڵێین قەدری جانیش هاوشانە لەگەڵ هەرسێ شاعیری کورد (شێخ نووری و پیرەمێرد و گۆران)» [٩] هەروەها دەبێ وتەکەی رەوشەن بەدرخانیش لەبیر نەکەین کەدەڵێت: «قەدری جان خوێندنگەهەکا نوی یا دانای د شیعرا کوردی دا». [١٠]

لە پێشەوە ئاماژەمان بە شیعرێکی شاعیر کرد بە ناوی «بەگێ ئاخرزەمان»لەم شیعرەدا، هەموو ئەو داب و نەریتانەی کە کۆمەڵگای کوردەواری پێوەیان پابەندبوو دەخاتە ژێر نەشتەری رەخنەوە، (ادریس محمد علی)یش دەڵێت: «قەدری جان کە زانی بەکارهێنانی شێوازە کۆنەکان لەگەڵ ناوەڕۆک شتێکی نەگونجاوەو لەتوانای شێوازە کۆنەکاندا نییە گوزارشتێکی تەواو و پڕ بەپێستی خۆی لەخەمی زەحمەت کێشان و ناخۆشییەکانی مرۆڤی هاوچەرخ

٨- عبدالرزاق بیمار، دانیشتنیك: لةگةڤ گدران دا، گ: بةیان، ژ:٢، ١٩٧٠، ل٣.

٩- د. كمال معروف، الحركة التجديدية في الشعر الكردي الحديث، سويد، ١٩٩٨، ص ٢٤٦ .

١٠- ادریس چەلکی، دیدارەک دگەڵ رەوشەن بەدرخان، ر: بوتان، ژ: ٤، ١٩٩١ .

بكات، له نێو گۆڕانكارییەكانی سەردەمی سۆسیالیستیدا، بۆیە بیری لەوە كردەوە كە شێوازی شیعریش بگۆڕێت بۆ ئەوەی لەگەڵ ناوەڕۆكی نوێدا بگونجێ، لەبەر ئەوە لەسەر شێوازی گۆرانی كوردی شیعری نووسی» (١١) هەروەكو لەپێشەوەش دیارمان كرد كە شاعیر لەگوتەكانی خۆیدا، ئاماژەی بەم چەندە كردووە. جگە لەمەش دێڕەكانی لەسەر دەنگەكان دابەش كردووەو لەم كارەیدا سەركەوتنی بەدەست هێناوە، هەروەكو لە شعرێكی بە ناوی(بەگی ئاخر زەمان)دا دەردەكەوێت.

١١- ادريس محمد علي، الذكرى التاسعة لرحيل قدريجان جريدة: العراق، العدد ١٦٧٤، ١٩٨١ .

قەدری جان و گۆڤاری هاوار

گۆڤـاری (هاوار) خـونچـەیەکی قـەشـەنگی دیکەی بنەمـاڵەی بەدرخـانییـەکـانە، کـە زۆر بە دڵسـۆزی ئەرکـەکـانی خـۆیانیـان راپەڕاندووەو شـوێن پەنجـەیان لە زۆر بواری کـوردایەتیـدا دیارە، لەبەر ئەوەی بەرندی خەباتیان کردووەو هونەرو کولتووری کوردییان ژیاندۆتەوەو بایەخێکی ئێکجار گەورەیان بەم لایەنانە داوە، لەسەر ئەم چەندەش زۆر هەنگاوی پیرۆزیان هاوێشتووە، وەک: دەرکردنی چەندین رۆژنامەو گۆڤار بەزمانی کوردی و زمانەکانی تری بێگانە، لەمـەشدا خزمـەتێکی بێ پایانیـان بەگـەلەکەیان کـردووە، یەک لەو کارە هەرە گەورانەش دەرکردنی گۆڤاری (هاوار) بوو، کە لە ساڵی ١٩٣٢ لە شـام بڵاویان دەکـردەوە، ئەم گـۆڤـارە رۆڵێکی بەرچاوی لەبەرەوپێش بردن و ژیاندنەوەی کـولتـووری گـەلەکـەمـان هەبووە، کەببووە زەوییەک بۆ چاندنی تۆوی شیعرو چیرۆک و پەخشانی ئەو چاخـانە، هەر بۆیە رۆمـان نووسی هێـژا (مـحـمـد ئوزۆن) دەڵێت: «ئەگـەر ئەم گـۆڤـارە نەبوایە دەبا ئێـسـتـا فـاتیـحـە بۆ کـرمـانجی بخوێنین». (١)

ئەم گـۆڤـارە توانی سنوورە پارچەپارچە کـراوەکـانی کـوردسـتـان ببـەزێنێت و خـۆی بگەێنێـتـە بەردەرگـای هەمـوو نووسـەرێک و رۆشنبیـرێکی ئەو سـەردەمـەی کـوردسـتـان، لە هەمـوو پـارچەکـاندا

١- اديب نـادر، بين البـارزاني و قـدريجـان، مـجلة (مـەتين) العـدد: ٣٠، دهوك ١٩٩٤، ص٧ .

هەندێ لەو زاناو رۆشنبیرانەش وەک: (گۆران، ئەنوەر مائی، عەبدولخالق ئەسیری، جگەرخوێن، حوسێن حوزنی موکریانی... تاد). بۆیە دەتوانین بەگۆڤاری (یەک پارچەی کوردستانی مەزن) ناوی ببەین. ئەم گۆڤارەش تا رادەیەک لەسیاسەت دووربووە بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو وتارەی جەلادەت عالی بەدرخانە کە بەناوی (ئارمانج، ئاوایێ خەبات نڤیساندنا هاوارێ) کە لەمەڕ ئارمانج و بڵاوکردنەوەی هاوار لە ژمارەی (١)ی گۆڤارەکەدا بڵاوی کردوونەوە واتە، لە گۆڤاری (هاوار) وەک دەڵێت: «هاوار ژ نها پێڤە ب هەر تشتی کو کوردان و کوردایەتی پێ بەندەوارە، دی مژوول ببە ، تنێ سیاسەت ژێ دوورە، خوە نا ئێخە سیاسەتی» .(٢)

شاعیریش یەکێک بوو لە قوتابییەکانی قوتابخانەی «هاوار» کە پشتگیرییەکی تەواوی لە میر جەلادەت بەدرخان کردووە بۆ دەرکردنی ئەم گۆڤارەو لەبەکارهێنانی ئەلفبای پیتی لاتینیدا (فەرات جەوەری) لەم بارەیەوە دەڵێت: «قەدری جانی بازدایی ژی گهیشتبو جەلادەت بەگ و دگۆڤارا وی دە یەک ژ نڤیسکارێن بەردەوام بوو»(٣). گۆڤاری هاواریش ئاماژە بەم چەندە دەکات، و دەڵێت:

شەهلەوەندی سواری
خۆرتێ منی ل کاری

٢- جەلادەت بەدرخان، ئارمانج، ئاوایێ خەبات و نڤیساندنا هاوارێ، گ: هاوار، ژ: ١، شام، ١٩٣٢، ل١ . (لاتینی)
٣- فەرات جەوەری، کولتوور هونەرو ئەدەبیات، نوودەم، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٦، ل١٠٣ (لاتینی).

هەرچەند دووری و چووی
نووخوریێ من لێ تویی[٤]

ئەم بلیمەتە هەموو توانای خۆی خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی ئەم گۆڤارە زیاتر بەرەو پێشەوە بچێت. هەروەها شارەزایانە خۆی خستۆتە قووڵایی دەریای ئەدەبیاتی کوردی بۆ ئەوەی مەلەوانییەکەی بیگەیەنێتە ئاستێکی زۆر بەرز کەبتوانێت هەموو شەپۆڵەکانی ئەم دەریایە بەرفراوانە ببڕێت و لە هەموو لایەنەکانی شارەزایی پەیدابکات، بۆیە ئەگەر لە گۆڤاری «هاوار» رامێنین دەبینین شاعیر زۆربەی هەرە زۆری بەرهەمەکانی لەم گۆڤارەدا بڵاوکردۆتەوە، کە لە کۆی «٥٧» ژمارەدا لە «٢٢» ژمارە بەشداری کردووە، تەنانەت هەندێ جار لەیەک ژمارەدا دوو یان سێ بابەتی بەبەرچاو دەکەون، ئەمەش لێهاتووی و بلیمەتی ئەم کەڵە شاعیرەمان بۆ دەردەخات، بۆیە گۆڤاری «هاوار»یش لەبەرلێهاتوویی ئەو وەک کوڕی خۆی داناوە، جگە لەمەش بە تازەگەرو نوێ خوڕی ناوی دەبات. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو پارچە شیعرەیە کە بە ناوی «جوهابا دایکێ»[*] پێشکەشی شاعیر کراوەو بە جوانترین پەیڤی کوردی هۆنراوەتەوە، کە تێیدا ستایشی شاعیر و بابەتە بەپێزەکانی دەکات. ئەمەی خوارەوەش چەند کۆپلەیەکی هەڵبەستەکەیە:

٤- هاوار، جوهابا دایکێ، گ: هاوار، ژ: ١٨، شام، ١٩٣٣، ل٣ . (لاتینی)
* ئەم شیعرە بەناوی (هاوار) بڵاوبۆتەوە، بەڵام هی جەلادەت بەدرخانە، جگە لەمەش ئەم پارچە شیعرە لە دیوانەکەی (وەرە دۆتمام)دا بەرچاو دەکەویت.

قەدری، قەدری جانێ من
کورکێ من، چاڤێ من
نڤیسارا تە گها
خوەش مقام و پڕ بها
هەرێ زیزە ب کولە
خوەش بهنە ئەو سۆرگولە
هەم دەنگە، هەم لاژەیە
خۆش کەلامە، بێژەیە
تاکو دەگاتە:
کوردمانجیەکە خوە روویە
شوکرێ مەکە گەزۆیە
ب خاترێ تە کورێ من
ب تە ڤە یە دلێ من(٥)

کاتێ قەدری جان چاوی بەم هەڵبەستەدەکەوێت، خۆی پێ راناگیرێت و دەست دەداتە خامەکەی و بە هەڵبەستێکی رێک و پێک بە ناوی (جوهابا لاوانی ل دییا هاوارێ) وەڵامی دایکی (هاوار) دەداتەوەو دەڵێت:

دادێ! دادێ، هاوارێ
رۆما، نان ژ بەر خوارێ
گەلەکی ئەز کێفخوەش بووم

٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣ .

ژ بەر تە پرسیارێ
ڤێگاڤ حالێ من قەنجە
ئەڤ ئەرد ژ من رە گەنجە
تاکو دەگاتە:
ئەز بێمە سەر فکرا خوە،
گۆتن و ئارمانجا خوە
بهنامن پڕ فرەهـ بوو
ب گۆتنێن دیبیا خوە(٦)

هەڵبەتە خۆشەویستییەکی بێ پایان لەنێوان گۆڤاری هاوار و شاعیر هەبووە، لەبەر ئەوە ناتوانین گۆڤاری هاوارو شاعیر لەیەکتر جیابکەینەوە، کاتێ دەڵێن هاوار واتە؛ قەدری جان پێچەوانەکەشی هەر راستە.

٦- قەدری جان، جوهابا لاوانی ل دیبیا هاوارێ، گ: هاوار، ژ: ٢٠، شام ١٩٣٣، ل١١ .(لاتینی)

بیری نەتەوایەتی لای شاعیر

لەبارەی هەستی نەتەوایەتی لای شاعیر دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ دەڵێت: «من و قەدری جان لەبەغدا بووین، کە بەسەفەر هاتبوو، بۆ بەغدا پیاسەیێکمان کرد بۆ سەر پردی (الاحرار)، هەروەها (پردی شەهیدانیشی پێ دەڵێن. ئا.ع)، کە دەکەوێتە سەر ڕووباری دیجلە، لەکاتێکا وەستابووین لەسەر پردەکە تەماشای ئاوەکەمان دەکرد، لەدوانێکدا قەدری جان گوتی: (کاک عیزەدین دەزانی ئەم ڕووبارە، ڕووباری کوردانە) منیش گوتم: چۆن ئەمە ڕووباری کوردانە، لە وەڵامدا گوتی: (ئەم ڕووبارە سەرچاوەکەی لە گوندی ئێمە کە ناوی (دێرک)ە هەڵدەقووڵێت، واتە کوردستانی باکوور کە لەهەرەتی منداڵیدا زۆر جار چوومەتە سەر سەرچاوەکەی)». [(١)]

لەبەر ڕۆشنایی ئەم دەربڕینەدا، ئەگەر چاوێک بەبەرهەمەکانیدا بخشێنین، جا چ بە شیعرەکانی یاخود چیرۆکەکانی یان هەر نووسینێکی، هەستی نەتەوایەتی لەو بابەتانە ڕەنگدەداتەوە، کە لەلای شاعیر لایەنێکی هەرە دیاری ژیانی بووە، کارێکی ئەوتۆی لەسەر بەرهەمە شیعرەکانی کردووە، کە شوێنێکی تایبەتییان لەم بوارەداو لە مێژووی ئەدەبی میللەتەکەماندا گرتووە، بۆ ئەم

١- ئەم گوتەیەم لەبرای بەڕێز: «م. بەکر شاکر کاروانی» وەرگرتووە، هەروەها مامۆستا (عبدالصمد دۆسکی)ش ئەم دەربڕینەی بۆ من گێڕایەوە. کە گوتی لە کاتی قوتابی بووین لە قۆناغی بەکالۆریۆس لە زانکۆ د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ بۆ ئێمەی گێڕایەوە.